# پشتگیری لە نارِەزایەتی پەناهەندە

ناردنەوەی بەزۆری پەناهەندەی کورد لە وڵاتانی ئەڵمانیا،سوید،بەریتانیا کارێکی نائینسانی و پڕ لە شەرمەزاریە.بیانووەکانی مەحروم کردنی پەناهەندە لەمافی پەنابەرێتی،بیانووی دەستکردو پڕلەپڕوپەگاندەو دەست تێوەردانی راسیزمی شارەوەی دەوڵەت و دام ودەزگاکانێتی.

سەردەمانێک و لەمێژوویەکی زۆر نزیکدا،تەنها لەساڵانی 1815 تا ساڵی 1930 دا ،لە 12 وڵاتی ئەوروپاوە 60 میلیۆن هاوڵاتی ئەوروپی،لەبەر هۆی سیاسی،ئابوری ،وەکو پەناهەندەڕوویان لەدەرەوەی کیشوەری ئەوروپا کرد.کە زۆربەی ئەم ژمارەیە هەردوو ئەمریکای باکورو باشوری گرتەوە،ئەم شاڵاوی کۆچ کردنە،زۆر زووتر لەو مێژوەی سەرەوە دەستی پێ کرد،ئەو دەمە بۆ ئەوان دۆزینەوەی شوێنێکی باشتر بۆ ژیان ، بریتی بوو لەداگیرکردنی دوورگە دوورەکان،بریتی بوو لە بەخشینی لێبوردنی گشتی بۆ زیندانیەکان وتاوانبارەکان بە مەرجی کۆچ بۆ شوێنە تازە داگیر کراوەکان، بریتی بوو لەشەرو جینۆساید کردنی دانیشتوانی ئەسڵیەکانی ئەم کیشوەرو ئەم وڵاتانە.

پەناهەندەکانی ئەمرۆ کە ڕوویان لە ئەوروپا کردوە،بە پێچەوانەی ئەو سەردەمەی کە ئەوروپا پەناهەندەی بە دونیادا بڵاودەکردەوە، بە نیازی داگیرکردن و کۆمەڵکوژی کەس نین، بە نیازی گۆڕینی دیمگرافیایی هیچ وڵاتێک نین ،ئەوان لە ژێر سایەی ڕیکەوتنامە جیهانیەکانی مافی پەنابەرێتی داوای سادەترین مافی ڕەوای خۆیان دەکەن.

داوای ژیانێک دەکەن کە لە شوێنی لەدایک بوونی خۆیان لەدەستیان چووە،یەکێک لە هۆیەکانی لەدەست چوونی ئاسیشی ژیانیان،ئەو شەڕانە بووە کە حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست،بە دریژایی نیو سەدەی ڕابردوو،بە پاڵپشتی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و بەرژوەندی تاک تاکی دەوڵەتانی ئەوروپا بەرپایان کردوە . کام دەوڵەتی ئەوروپی هەبووە لە پشتەوەی شەڕە ئیقلیمیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوراست و ئەفریقیاو ئاسیا نەبوبێ ؟ کام دەوڵەتی ئەوروپی هەبووە،بۆنوێنەرایەتی بەرژوەندیەکانی خۆی،دیکتاتۆرێکی ڕەش،سەوز،سوری دژ بەدانیشتوانی وڵاتەکانێ ئەوێ پەروەردە نەکردبێ ؟

دەوڵەتەکانی ئەورپا ئەگەر یاسایەکی کارپێکراوی جیهانی هەبێ،نەک لەبەرامبەر زەوتکردنی مافی پەنابەرێتی تاوانبارن،بەڵکو تاوانبارو قەرزاری نەوە لە دوای نەوەی ئەو میللەتانە دەبن کە لەئاکامی سیاسەتە نێودەوڵەتیەکانی ئەواندا،لەنیشتیمانی خۆیاندا بێ ماف،بێ ژیان،لە کەلێنی داروبەردی سنورەکان ئاوارەبوون.ئەگەر یاسایەکی کارپێکراوی جیهانی لەو بابەتە هەبێ،ئەوا بێ گومان ئەمریکا بەوە تاوانبار دەبێ کە لە سیاسەتی نێودەولەتیدا نوێنەرایەتی توندو تیژی دەکا،ئەوروپاش بەوە تاونبار دەبێ،کە لەنێوان ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامە جیهانیەکانی مافی پەنابەرێتی وکار پێ نەکردنی بەو ئیمزایە ، نوێنەرایەتی نائینسانیترین دوو ڕوویی بێ سنوور دەکا لە سیاسەتدا.

سایتی دەنگەکان،پشتگیری دەکا لە هەر نارِەزایەتی و بزوتنەوەیەک ، کە (فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی )بە تایبەتی و پەنابەران بە گشتی دەیگرنە بەر ،بۆ بەرەنگار بونەوەی بڕیاری دیپۆرت کردنەوەیان ، بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو ستەم و بڕیارانەی دژ بە پەناهەندەکان پیادە دەکرێ.

**دەستەی بەڕیوەبەری سایتی دەنگەکان**

2007/8/ 14